

# پیاسەیەکی بێ ڕێگە


**ژاڵە سەفییاری**

**(بۆکان)**


دیسان بە دەنگی قیڕە و هەرای جیرانەکەمان وەخەبەر هاتم، کەمێ دوای خۆم دەنگی مۆبایلەکە زیاتر وریای کردم. هەینییەکی فێنکە و بێهیواتر لە ڕۆژەکانی کە لە ماڵەوە ڕێ کەوتووم کە بە پیاسەیەک خۆم بگەیەنمە لای زەریا. لێرە، لەسەر ئەم کەنارە بێدەنگە، بەردەوام بارانێک لە «شەونم» دەبارێت؛ نازانم ئایا زەریا لەگەڵ شەپۆلەکانیدا ئەم شەونمە بە ڕوومدا دەبەخشێت، یان ئاسمانە تەمومژاوییەکەی زەریایە کە دادەبارێت. بۆنێکی ئاسایی نییە، بەڵکوو هەستێکی سەیرە؛ باشییەکەشی لەوەدایە کە ئەم بارانە چەپەڵ نییە و پێویست ناکات دڵەڕاوکێت بێت، کە شوێنێک لە جەستە پیس بکات.

خۆم لەناو شەقامەکاندا دەبینمەوە، وەک کەسێک کە لەناو خەونێکی کۆن دەڕوات. بۆ پشووی کۆتایی حەفتە، پێویستم بوو بچم بۆ شوێنێک، بەڵام بە تەنیا. لە یەکەمین کارواندا کە بەلامەوە گرنگ نەبوو ئاراستەی کوێیە، ناوم نووسیبوو. هێشتا کاتم مابوو؛ دەورێکم لەو شەقامەدا دایەوە. لە پیادەڕەوێکدا ڕاوەستام، گەنجێک خەریکی ژەنیی ساکسیفۆن بوو. هەموو کات هەست دەکەم مۆسیقا هونەرێکی غەریب و پەنابەرە، بەردەوام بەدوای نیشتمانێکدا دەگەڕێت کە تەنیا لە خەیاڵدا بوونی هەبێت. ماوەیەک تێڕامام .. تەنیا تێڕامانێکی بێدەنگ.

پیاوێک، کە زگی لە قایشی پانتۆڵەکەی هاتووەتە سەر، بە دەنگێکی توند هاواری کرد و ئاماژەی بە پاسێکی پان کرد. بەدوای ئاماژەی دەستیدا وەڕێ کەوتم، لە ڕێڕەوی پاسەکە ڕاوەستام؛ چاوم

بەناو ڕوخسارە نامۆکانی خەڵکەکەدا دەگێڕا و لە پەنجەرەی پاسەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد. دیمەنێکی سەوز و پڕ لە داری بەرز؛ ئەمە یەکێکە لەو شەقامە تایبەتانەی شار کە هەروەک یادگارییەک وەستاوە.

لەناو پاسەکەدا، جانتایەکی گەورەی جلوبەرگم پێ بوو. هەرکە سەیری خەڵکەکەم دەکرد، وەبیرم دەهاتەوە کە دەبێت توند بیگرم و بەدوای خۆمدا ڕایکێشم. وادیار بوو تەنیا من بووم کە بارێکی ئەوەندە زۆرم پێ بوو؛ ئەوانی تر تەنیا کۆڵەپشتێکیان پێ بوو، ئاوڕم دایەوە و سەیری جانتاکەم کرد؛ خاڵی بووبوو! هەڵگەڕامەوە و دیم تەپۆڵکەیەک لە جل لە پشت سەرم کۆبووەتەوە. بە شەرمەزارییەوە چووم تا کۆیان بکەمەوە؛ زیاتر نیگەرانی جلەکانی ژێرەوەم بووم نەکا ڕازاوەبنەوە، پیاوێک بەرەو ڕووم هات، سەفتەیەک پارەی دەرهێنا تا بیدات بە من. سەرم سوڕ مابوو؛ تێگەیشتم کە دۆخەکەم لە ڕووی دەرەکییەوە چەندە لە هەژار دەچێت. بە ئاماژەی سەر تێمگەیاند کە پێویستم بە پارە نییە.

لە کۆتایی شەقامەکە، پاسەکە لەبەردەم هۆتێلێکدا ڕاوەستا. لەگەڵ کارمەندێکی هوتێلەکە چووینە ژوورێکەوە؛ ژوورێکی تەنگ و باریک کە تەنیا بەقەد جانتای جلەکانم جێگەی تێدا بوو. لە نێوان دوو نوێنەکەدا ڕاوەستابووین. کابرا پەنجەرەکەی کردەوە و شنەیەکی خۆش هاتە ژوورێ. لەسەر یەکێک لە جێگەکان چەند کارتۆنێک هەبوون؛ داوام لێ کرد فڕێیان نەدات و بیاندات بە من. بیرم هاتەوە کوڕەکەم حەزی لە کاری دەستییە، چونکە منیش حەزم لە کارە دووبارەکانە، داوام کرد ڕێگەم بدات من کۆیان بکەمەوە و هەڵیانگرم. کابرا چووە گۆشەیەک و کەوشەکانی داکەند. دەتوانن بیری لێ بکەنەوە کە کەسێک قاچی لەناو کەوش دەربێنێت، چ کارەساتێکی بێدەنگ ڕوو دەدات؟

کارتۆنەکانم وەلا نا و چوومە بەردەم پەنجەرەکە؛ هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی. بە دەنگی کەوتنی شتێک هەڵگەڕامەوە. هاوژوورەکەی تر بێهۆش کەوتبوو. نازانم کێ زەنگی بۆ فریاکەوتن لێدابوو، بەڵام ئەوەندەم بیرە کابرا کەوشەکانی لەپێ کردەوە و بەلەز هەڵات.

پاشان... هەستم کرد کە لە شوێنێکی تر و تەنیاتر ڕاکشاوم.

بۆچی لەم پەرستارە تێناگەم چی دەڵێت؟ بەدوای مۆبایلەکەمدا دەگەڕێم، بەڵام تەنیا بێدەنگییەکەم دەبینم.

پەرستارەکە دەڵێت: «خامۆش بووە. زۆر کۆنە! زیاتر لە دە ساڵە ئیتر لەوانە دروست ناکرێن. هەموو کۆمپانیاکانی مۆبایل گەیشتوونەتە ئەو بڕیارەی کە یەک جۆر شەحنکەرەوە بەکار بهێنن، ئەمەی تۆ لەو مۆدێلانەیە کە نەماون».

– دە ساڵی چی؟ من حەفتەی پێشوو کڕیومە!

پەرستار: «نەخێر، تۆ حەفتەیەک پێش ڕووداوی هاتوچۆکە ئەو مۆبایلەت کڕیوە... پێش ئەوەی بچیتە کۆماوە!»

– کۆما؟

پەرستار: «بەڵێ، پێموانییە ئێستاش بە باشی لە بارودۆخی خۆت تێبگەیت».

– چی ڕووی داوە؟ بۆ؟ من هیچ کێشەیەکم نییە.

پەرستار: «ئەرێ تۆ ساغی، منیش ساغم».

– دەی چی بووە؟

پەرستار: «هیچ نەبووە، بەڵام لە دەرەوەش کەس چاوەڕێی تۆ نییە، ئێمەش لەم ماوەیەدا پێت ڕاهاتووین».

- زۆر پیر بووم؟
پەرستار: «گرنگ ئەوەیە ساغی. دەبێت ماوەیەک لەژێر چاودێریدا بیت».
- دەڵێی خەریکی گاڵتەم پێ دەکەیت؟
پەرستارەکە پێدەکەنێت، بەڵام پێکەنینەکەی وەک ئاوێنەیەکی شکاوە.
- زۆر شت لە دەرەوە گۆڕاون؟
پەرستار: «وەک چی؟»
- هێشتا شەقامەکان قەرەباڵغن؟
پەرستار: «نا، لەو کاتەوەی ئەو بەرنامە نوێیەی ترافیکیان داناوە، خەڵک ئۆتۆمبێل ناهێننە دەرەوە».
- کامە؟ پێشتریش هەبوو، وانییە؟
پەرستار: «ئەگەر کەسێک بچێتە شوێنە قەدەغەکراوەکان، ئۆتۆمبێلەکەی ڕادەگرن و دەبێت کتێبی زانستی لێخوڕین بخوێنێتەوە تا ڕزگاری بێت!»
- ئەی خوایە ... دەی گرانی چی بەسەر هاتووە؟
پەرستار: «خۆت چۆن بیر دەکەیتەوە؟»
- ڕەنگە ئێستا هێلکەیەک ١٤ هەزار بێت.
پەرستار: «نا ئیتر، زۆر چوویتە پێش؛ ١٢ هەزارە».
- ئەی هاوار، دەبێت لە زۆر شت تێبگەم. چۆن نەگەڕاومەتەوە؟ غەریبیی دە ساڵ کەی خایاندووە و من ...
پەرستار: «سەیرە بۆچی خۆت بە غەریب دەزانی؟ چەند کەسێک هاتوون و لێیان پرسیویت، زاراوەی هەر ئێرەیان هەبووە».
پەرستارەکە وتی: «شتێکی تریش هەیە کە دەبێت تێبگەیت».
- چی؟
پەرستار: «ئەوەی کە... گاڵتەم پێ کردی».

پاشان دەستێکی لە سەر سەرم دانا و وتی: «بەیانییەکی فێنکە، بەڵام تۆ لە ناو شەرمی کۆمایەکدایت. بە بێهۆشی تۆیان هێنا بۆ ئێرە؛ هیچ نییە بێجگە لە ماندووبوونێکی زۆر. دەبێت کەسێک بەرپرسیارێتیت لە ئەستۆ بگرێت و بتباتەوە، با بزانین کێ دێت بە شوێنتدا».
سەیری دەستەکانم کرد؛ نە جانتای جلەکانم هەبوو، نە گەشتێکی دوور، نە مۆبایلێکی نوێ. تەنیا من بووم و دەنگێکی دوور لە ساکسیفۆنێک کە لە شوێنێکی نەناسراودا، بەدوای نیشتمانێکدا دەگەڕا.